سبەینێ چوار پارێزگای عێراقی نیوەی پلەی کوڵان تۆماردەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، دەستەی کەشناسی پێشبینییەکانی کەشوهەوای وڵاتی بە هۆشیاری داهاتوو ڕاگەیاند و پێشبینی دەکات سبەینێ چوار پارێزگا نیوەی پلەی کوڵان تۆمار بکەن.

دەستەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سبەی پێنجشەممە، کەش و هەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك پەڕە هەور، هەروەها بای مامناوەندی باکووری ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی دروستبوونی زریانی خۆڵبارین، پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت لە سەرتاسەری وڵات.

ڕاشیگەیاند: زۆرترین پلەکانی گەرما بە سبەینێ بەم شێوەیە دەبێت؛ دهۆك 39، سلەمانی 41، هەولێر 42، کەرکوك و نەینەوا 43، سەڵاحەدین و ئەنبار 44، دیالە و کەربەلا 47، بەغدا و بابل 48، واست و دیوانیە و نەجەفی ئەشرەف 49، و میسان و زیقار و موسەننا و بەسرە 50 پلە دەبێت.

ڕونیشیکردەوە: کەش و هەوای ڕۆژی هەینی ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك پەڕە هەور و بای باکوری ڕۆژئاوای مامناوەند. پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی باکور و باشوور هاوشێوە دەبێت، لە ناوچەی ناوەڕاستیش کەمێك دادەبەزێت.

ئاماژەی بۆشکرد: کەش و هەوای ڕۆژی شەممە ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك پەڕە هەور، هەروەها بای مامناوەندی باکووری ڕۆژئاوا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور زاڵ دەبێت، لەگەڵ ئاراستەی گۆڕاو لە

ناوچەی باکور. پلەکانی گەرما هاوشێوەی هێڵی پشوو دەبێت لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور، و کەمێك نزمتر دەبێت لە ناوچەی باشوور.

ئاشکراشیکرد: کەشوهەوای هێڵی یەکشمەم لە سەرانسەری وڵاتدا ساماڵ دەبێت، لەگەڵ بای باکووری هێڵئاوای مامناوەند لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، لەگەڵ ئاراستەی گۆڕاو لە ناوچەی باکوور. پلەکانی گەرما هاوشێوەی هێڵی پشوو دەبێت لە سەرانسەری وڵاتدا.